کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-4-2007 1:28بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## یادی سی و سێهەمین ساڵی کارەساتی قالادزێ ... کەریم قەلادزەیی

سی و ساڵ لەمەوبەر لە 24/4/1974 دا بەعسی یە فاشیستەکان تاوانێکی گەورەیان کرد بەرامبەر خەڵکی بێتاوانی شاری قەڵادزێ.. قەڵادزێی سەرچاوەی ڕاپەرینەکانی کوردستان و لانکەی شۆڕش و کوردایەتی. ئەو شارەی کە ببووە چقڵی چاوی دووژمنان و هەمیشەش قەڵغانی بەرگری کردن بووە بۆ خۆی و نەتەوەکەی. تاوانی کارەساتەکەی شاری قەڵادزێ وەرچەرخانێکی گەورە بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەو درێژەدان بەخەباتی ڕەوای گەلەکەمان. پێم وایە وەکو جینۆسایدو بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵ کووژ یەکەم جار لە شاری خۆڕاگری قەڵادزێ بەکارهێنراوەو بۆتە هۆی شەهید کردنی کۆمەڵێ مامۆستاو قوتابی و خوێنکاری ئەوکاتی زانکۆی سلێمانی کە وەکو زانکۆیەکی کاتی لەسلێمانی یەوە گوێزراوەتەوە بۆ قەڵادزێ کە سەرقاڵی خوێندن بوون بەڵام دەووڵەتی بەعسی فاشی لێی شەهید و بریندار کردوون. هێرشی عەفلەقی یەکان کەبووە هۆی وێرانی شارەکە بەڵام لەبنەڕەتدا مەبەستی دووژمن وێرانکردنی زانکۆکەبوو. ئەو زانکۆیەی کەلەزانکۆ نەدەچوو بەخوێنکارانی کوردیان ڕەوا نەبینی و لەچەند خوولەکێکدا بە شەش فرۆکەی جۆری سیخۆ بەناپاڵم بۆردوومان کراو وێران بوو، ئەوەی شایانی باسە 300 هاووڵاتی و چەند خوێندکارێک بوونە قوربانی و بێجگە لە کۆمەڵێکی زۆر منداڵ و ئافرەتیش بریندار بوون. کارەساتی لەم جۆرە ئەوکات تەنها لە ڤێتنام ڕوویدابوو، هەموو گەلانی جیهان و وڵاتە پێشکەوتووەکان بەم تاوانەیان زانی و دەنگی نارەزاییان بەرزەکردەوە کە وڵاتی ئەمەریکا هێزی بکشێنێتەوە لە ڤێتنام. بەڵام قەڵادزێی خوێناوی قەڵادزێی بەناپاڵم بۆردوومان و بە کاری کۆمەڵ کوژو جینۆسایدی ئەوکات مخابن کەس نەبوو بەرگری لێ بکات، نە وڵاتێکی ئیسلامی نە حیزبێکی چەپ کەسێک نەبوو تەنها باسی بکات، چونکە کارەساتی قەڵادزێ هیچ کەمتر نەبوو لە داگیرکردنی ڤێتنام یان لەکارەساتە مرۆیی یە جیهانی یەکان. هەتا ئێستاش لەگەڵ ئەو هەموو زووڵمەی لە کورد کراوە یەک دەووڵەتی ئیسلامی بەرگری لێنەکردووین کە ئێمەش یەک یان هەمان ئاینمان هەیە لەگەڵیان، ئەوەش بەڵگەی بێویژدانی ئیسلامی یەکانە. ئەو بێویژدانی و گوێنەدانەی ووڵاتە ئیسلامی یەکان و ئەو هێجگار ساردوسڕی نێونەتەوەیی یە زیاتر هاندانێک بوو وە دەرگا خستنە سەرپشت بوو بۆ دەووڵەتی عێراق و بەعسی یەکان کەزیاتر ئازاری خەڵکی کوردستان بدات. هەر ئەو کارەساتە بووە هۆی وێران کردنی قەڵادزێ و دووای چەند ساڵێکی کەم بەدووایدا دامالین و داگرتنی 4000 دێی کوردستان و وەهەروەها کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە کەلە نێوان ساڵانی 1987 /1988دا ڕوویداو 182000 مرۆڤی بێتاوانی کوردی باشوور (گەرمیانی) ئەنفال کردوو، 8000 بارزانی بێتاوانی سەرەونگوم کردوو، 5000 شەهیدیش لە شاری هەڵەبجە کەبە کیمیای باران هێرشی کردە سەر خەڵکی بێ دیفاعی مەدەنی و کە هەموو دەزانین ئەوە چەکی کۆمەل کووژەو بەکارهێنای قەدەغەیە لە جیهاندا. لەدووای کارەساتی قەڵادزێ کەئەو کارەساتەش هەر جینۆساید بوو ئەم کارەسات و ماڵ وێرانییانەی بەدووادا هات و کەسێکی بەویژدان یان ووڵاتێکی مرۆیی یان ئیسلامی نەهاتنە وەڵام و بەرگری یەک لەم نەتەوە ستەم دیدەیە بکەن. هەتا ئێستاش کەساڵی 2007 هەم شاری قەڵادزێ و هەم هەڵەبجەو هەم گەرمیان بەتەواوی وێران و خاپوورە. بەڕاستی بێجگە لەم کارەساتانە کە دیارو بەرچاوە لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان هەمیشە کووشتن و بڕین بووە بەدەستی دووژمنانی کورد، بەڵام مخابن هیچ کەسێک لەسەری بەوەڵام نەبووە. هەتائێستاش ئەم کارەساتە (قەڵادزێ) نەلەناوەوەو نەلەدەرەوەی ووڵات زۆر گرنگی پێنەدراوە تەنانەت لەیاد کردنەوەکانیشدا هیوادارم کە گرنگی پێبدرێت و هەمیشە لەیادمان بێت.. چونکە ئەوە مێژووی ئێمەیە لەگەڵ دڕندەترین مرۆڤی ئەم سەردەمەدا کە بەعس بوو جەنگاوین لەپێناوی ئازادی و ژیان. وەکو قەڵادزێی یەک هیوام وایە کە ئاوڕێک لە قەڵادزێ و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خەڵکەکەی بدرێتەوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و ئەم شارەش لەمێژە بریندارە بەهیوای سارێژی برینەکەیین.

کەریم قەڵادزەیی / سوید
Karim_ali2@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.